# حوکمی پێدانی زەکات بەو کەسانەی بانگەشەی نەسەبی ئال وبەیت دەکەن

[ kurdish – کوردی – كردي ]

**دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2015 - 1436

IslamHouse.com

# حكم إعطاء الزكاة لمن يدعي نسبه إلى آل البيت

« باللغة الكردية »

فريق القسم الكردي في موقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2015 - 1436

IslamHouse.com

# حوكمی پێدانی زەكات بەو كەسانەی بانگەشەی نەسەبی ئال وبەیت دەكەن

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس - بەشی زمانی كوردی - كراوە:

**پرسیار:** بەڕێزان: سڵاوی خوای گەورەتان لێ بێت من دوو پرسیارم هەیە :

**یەكەم :** ئایا زەكات دەشێت بدرێت بە ئەو كەسانەی كە پێیان دەڵێن سەید (نەوەكانی فاطمە و ئیمامی عەلی)، كەسێك سەیدەو موچەخۆرە بەڵام موچەكەی بەشی بژێوی ناكات و لە ٩٠% ی موچەكەی دەداتەوە بە قەرزی زەوییەك كە كڕیویەتی بۆ ئەوەی بیكاتەوە بە خانو وە كرێ خانوشی لێبدات و قەرزی دوكانیشی لێ بداتەوە.. بەڵام ئەو كەسە كەمتەرخەم بێت بەرامبەر بە

نوێژەکانی و هەندێك جار نوێژەکانی نەکات.. ئایا دەکرێت زەکاتی پێ بدرێت؟

**دووەم:** ئەگەر زەکاتی پێدەشێت دەکرێت زەکاتەکە لە بری قەرز دابشکێنرێت؟

خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

**وەڵام:** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودرووود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

سەرەتا دەبێت بزانین خۆ بە سەید زانین ونەسەبی خۆ دانە پاڵ پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) وئال وبەیتی ئەو، هیچ سودێك ناگەینێت بە مرۆڤ ئەگەر مرۆڤ خۆی کار وکردەوەی باش وچاکی نەبێت، چونکە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت: « يَا مَعْشَرَ قُرَيْشٍ - أَوْ كَلِمَةً نَحْوَهَا - اشْتَرُوا أَنْفُسَكُمْ ، لاَ أُغْنِي

عَنْكُمْ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا ، يَا بَنِي عَبْدِ مَنَافٍ لاَ أُغْنِي عَنْكُمْ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا ، يَا عَبَّاسُ بْنَ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ لاَ أُغْنِي عَنْكَ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا ، وَيَا صَفِيَّةُ عَمَّةَ رَسُولِ اللَّهِ لاَ أُغْنِي عَنْكِ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا ، وَيَا فَاطِمَةُ بِنْتَ مُحَمَّدٍ سَلِينِي مَا شِئْتِ مِنْ مَالِي لاَ أُغْنِي عَنْكِ مِنَ اللَّهِ شَيْئًا » [ رواه البخاري (٢٧٥٣) ومسلم (٢٠٦) ].

واتا : ئەی هۆزی قورەیش خۆتان بکڕنەوە - واتا خۆتان بپارێزن لە سزای دۆزەخ و خۆتانی لێ رزگار بکەن- من ناتوانم لای خوای گەورە هیچتان بۆ بکەم، ئەی بەنی عەبدو مەناف من ناتوانم لای خوای گەورە هیچتان بۆ بکەم، ئەی عەباسی کوڕی عبدالمطلب من ناتوانم لای خوای گەورە هیچتان بۆ بکەم، ئەی صەفیەی پوری پێغەمبەری خوا من ناتوانم لای خوای گەورە هیچتان بۆ بکەم، ئەی فاطمەی کچی موحەممەد هەرچیت کە دەتەوێت داوام لێ بکە لەماڵ و سامانم، من ناتوانم لای خوای گەورە هیچتان بۆ بکەم .

ابن حەجەر لە ڕاڤەی ئەم فەرموودەیەدا دەڵێت : کاتێك کە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەفەرموێت من ناتوانم لای خوای گەورە هیچتان بۆ بکەم، جگە لەو شافەعەتە نەبێت کە خوای گەورە مۆڵەتی دەدات کە بیکات بۆ هەر کەسێك دەیەوێت ..

پاشان خۆ بە سەید زانین و خۆ دانە پاڵ ئال وبەیت، پێویستی بەوە هەیە مرۆڤ بە بەڵگە ودەلائیلی تەواو و دڵنیا کەرەرەوە بیسەلمێنیت کە نەسەب و پشتی دەگەڕێتەوە سەر ئال وبەیت، چونکە بەڕاستی لەم ڕۆژگارەدا خەڵکێکی زۆر لە هەموو دونیا لەو پەڕی ڕۆژهەڵات تا ئەو پەڕی ڕۆژئاوا خۆیان بە سەید و نەوە و وەچەی ئیمامی حوسەین و ئال وبەیت دەزانن، بەڵام لەڕاستیدا کاتێك مرۆڤ لەم مەسئەلەیە وورد دەبێتەوە بۆی ڕوون دەبێتەوە ئەم ژمارە زۆرەی خەڵك هەر لە هندستان و ئەندەنوسیا و پاکستان و ئەفغانسان و کۆمارەکانی سۆڤیەتی جاران و ئێران و عێراق وتورکیا و وولاتانی عەرەبی کە هەر هەموویان خۆیان بە

سەید و نەوەکانی ئال وبەیت دەزانن دووره لە لیکۆڵینەوەی زانستی و لۆژیك و مەنطقەوە، چونکە ژیری مرۆڤ ئەوە ناسەلمێنیت کە ئیمامی حوسەین کە زۆرێك لە نەوەکانی لە ڕۆژی کەربەلادا کوژران و شەهید بوون، ئەم هەمووە نەوەیەی لە دوای خۆی بەجێهێشت بێت، چونکە ئەگەر نەوە و وەچەکانی تری کەس و بنەماڵەکانی تری سەر زەوی بەم شێوەیە زیادیان بکردایە ئێستا گۆی زەوی دە هێندەی تر دەبوو، بۆیە عەقڵ ولۆژیك ئەمە ناسەلمێنێت .

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر کەسێك بە یەقین و بە بەڵگەی ڕوون وئاشکرا سەلماندی کە وەچە و نەسەبی دەگەڕێتەوە سەر ئال وبەیتی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) سەرەتا دەبێت ڕێز وئیحترامی ئەو فەزڵە بگرێت کە خوای گەورە پێیداوە ولەو ئاستەدا هەڵسوکەوت بکات کە شایستەی ئال وبەیتە، دووەمیش دەبێت بزانێت کۆمەڵێك ئەحکامی لە ماف وئەرك بۆ جێگیر

دەبێت، یەکێك لەو مافانە ئەوەیە کە پێنج یەکی ماڵی غەنیمەت بۆ کۆمەڵێك کەس دەبێت، ئەو پێنج یەکەیش دەکریت بە پینج بەشەوە، بەشێکی بۆ پێغەمبەری خوا دەبێت (صلی اللە علیە وسلم)، بەشێکیشی بۆ خزم وکەسوکار وئال وبەیتی دەبێت، بەشێکی تری بۆ هەتیوان وبەشێکی تری بۆ هەژاران و بەشێکی تریش بۆ ڕێبواران دەبێت، وەك خوای گەورە فەرموویەتی :

﴿ وَٱعۡلَمُوٓاْ أَنَّمَا غَنِمۡتُم مِّن شَيۡءٖ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُۥ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ إِن كُنتُمۡ ءَامَنتُم بِاللَّهِ وَمَآ أَنزَلۡنَا عَلَىٰ عَبۡدِنَا يَوۡمَ ٱلۡفُرۡقَانِ يَوۡمَ ٱلۡتَقَى ٱلۡجَمۡعَانِ وَٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٌ ﴾ [سورة الانفال : ٤١ ] .

واتا : ئەی ئیمانداران) ئاگاداربن و بزانن کە: بەڕاستی هەرچیەکتان دەستکەوت (لە جەنگی بێ باوەڕاندا) ئەوە بێگومان پێنج یەکی بۆ خواو پێغەمبەرو خزمانی نزیکی پێغەمبەرو هەتیوان و هەژاران و ڕێبوارانە، (چوار بەشەکەی تریشی بۆ موجاهیدانە کە لەو غەزایەدا بەشدارییان کردووە) ئەگەر ئێوە باوەڕتان هەیە بە خواو بەوەی کە دامانبەزاندوە بۆ

سەر بەندەمان (محمد(صلی الله علیه وسلم) لە ڕۆژی جیاکردنەوەکەدا (کە غەزای بەدرە) ئەو ڕۆژەی کە هەردوو لەشکر بەرەنگاری یەک بوون، خوایش بەسەر هەموو شتێکدا دەسەڵاتدارە.

زانیان دەڵێن ئەم بەشەی کە لە پێنج یەکی ماڵی غەنیمەت بۆیە تەرخان کراوە بۆ خزم وکەسوکار وئال وبەیتی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) چونکە خزمو کەسوکار وئال وبەتی زەکات و صەدەقەیان پێ ناشێت، جا هەرکاتێك وەك ئەم سەردەمەی خۆمان غەنیمەت نەما و ئال وبەیت بەشیان نەدرا لێی، ۆکەڵێك لە زانایان ڕایان وایە ئەوا ئال وبەیت هەقی ئەوەیان هەیە لە زەکات و صەدەقە بەشیان بدرێت .

بە نسبەت ئەو کەسەوە کە خۆی بە سەید وئال وبەیت دەزانێت مادام لە پێنج یەکی غەنیمەت بەشیان نەماوە، دروستە لە ماڵی زەکات بەشی بدرێت، بەڵام وەك ووتمان ئەو کەسەی کە خۆی بە

میراتگر و پشت وئال وبەیتی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) دەزانێت چۆن دەبێت کەمتەرخەمی بکات لە بەجێهێنانی ڕوکنێکی گەورەی وەك نوێژ، کە کۆمەڵێکی زۆر لە زانایان ڕایان وایە هەرکەسێك نوێژ نەکات یان کەمتەرخەمی بکات لە کردنی بێ باوەڕ دەبێت پێی، بۆیە زایان ڕایان وایە زەکات نادرێت بەکەسێك لە موسڵمانان کە نوێژ نەکات، یان هەندێك لە نوێژەکانی نەکات، بۆیە ئامۆژگاری ئەو کەسە دەکەین ئەگەر خۆی بە وەچە و نەوەی محمد المصطفى (صلی الله علیه وسلم) دەزانێت ئەوە کەمترین هەنگاو هەڵگرتنە کە کەمتەرخەمی نەکات لە جێ بەجێ کردنی نوێژەکانیدا، بەڵام ئەگەر زانرا دانی زەکات پێی دەبێتە هۆی گورج وگۆڵ کردنی لەسەر نوێژ وئەدا کردنی واجباتەکانی تر ئەوا دەکرێت بەشی بدرێت لە زەکات .

بە نسبەت وەڵامی خاڵی دوەمیشەوە ئایا دەکرێت ئەو زەکاتەی پێی دەدرێت بخرێتە بەر ئەو قەرزانەی کە لەسەریەتی، جمهوری

زانایان لەسەر ئەوەن نەخێر دروست نییە، زەکات بخرێتە بەر قەرزی ئەو هەژارەی کە زەکاتەکەی دەدەیتێ، چونکە پێیان وایە ناکرێت زەکاتی ماڵ وسامانت کە هەق و واجبێکی شەرعیە و خوای گەورە دایناوە لەسەرت بکرێت بەهۆکارێك بۆ بەدەستهێنانەوەی قەرزەکانی خۆت، ئەگەر هاتوو ئەو زەکاتەی کە دەتەوێت بیدەیت بەو کەسەی کە قەرزی خۆتی لەسەرە، سەرەتا دەبێت بەهەموو دڵ فراوانیەکەوە تەسلیمی ئەو کەسەی بکەیت، پێیشی نەڵێیت من ئەم زەکاتەت دەدەمێ و تۆیش خێرا بمدەرەوە لەبری قەرزەکەمدا، بەڵکو پاش ئەوەی زەکاتەکەت دایە، ئەگەر هاتوو ئەو کاتەی کە بۆت داناوە بۆ دانەوەی قەرزەکە هێشتا کاتی مابوو ئەوا بەهیچ شێوەیەك دروست نیە داوای لێ بکەیتەوە، چونکە مرۆڤی موسڵمان بۆ بەدەستهێنانی خێر وپاداشتی دوارۆژ قەرز دەدات بە برا باوەڕدارەکەی، نەك بۆ بەرژەوەندی دونیایی، بەڵام ئەگەر هاتوو کاتی قەرزەکەت هات

بوو، یان بەسەرچوو بوو، ئەوا دەتوانیت پاش پێدانی زەکاتەکە پێی، ئەوا بەبیری بخەیتەوە کە کاتی دانەوەی قەرزەکەی هاتووە، یان بەسەر چووە، ئەویش بەشێوەیەکی جوان و دوور لە زۆر لێکردن و سوکایەتی پێکردنی، لە هەمان کاتدا پێویستە لەسەر ئەویش زۆر بەجوانی و بەوپەڕی ڕێز و ئیحترامەوە قەرزەکە بگێڕێتەوە بۆ جەنابت، ولەکاتی خۆی دوای نەخات، چونکە وەك کۆمەڵێك لە زانایانیش ووتویانە دوو جار قەرزدان بەکەسێك هێندەی جارێك خێری هەیە کە وەك صەدەقە پێی بدرێت ..

خوای گەورەش زاناترە ..